بەپێچەوانە دەستووریان لە مرۆڤەوە بەسەردا دێت ئیتر چاك بێ یا خراپ. تۆ سەیری، لە كورستان، بێ تێخوێندنەوەی ئینگلیزستان، چۆنیەتیی ملْكایەتی و دابەشكردنی بەند بووە بەو ئاینە كە كوردستان نشینەكە باوەڕی پێی هەبووە. دوور مەبینە جۆری دۆشاو گوشین و مێوژڕاخستن لە مسڵمانێكەوە بۆ دراوسێ گاورەكەی بگۆڕێ هەروەك جۆری حەیوان سەربرین دەگۆڕێ.. چێشت لێنان دەگۆڕێ .. مارەیی دەگۆڕێ.. چاك و بەد، پاك و پیس دەگۆڕێ .. بەڵام هەر چونكە پۆشاك و نوێن و پێڵاو شتی مادین و سەرناكێشنەوە سەر عەقیدە (كە ژوورخانە) دەشێ هاوچوون بن، خۆ ئەوساش ئەگەر لە كەلێنێكەوە تیشكی عەقیدەیان بۆ هات بایبی پێداویستی عەقیدە دەبێ بگۆڕێن وەك ئەوەی لە ئیسلامەتیدا ناشێ پۆشاكی ئافرەت لە ڕوو و دەست و پێی بەولاوە دیار بخات.. دەبێ قۆڵی جلك بایی هەڵكێشانی بۆ دەسنوێژ فەراح بێ. مەبەست لەم نموونانە ئەوەیە، چۆن ژوورخان كە زەنەی مێشك و دەروونی مرۆڤە زاڵ دەبێ بەسەر ژێرخان وەیا بنەمای مادیدا تا ئەوەی دەبینین خۆراكێك كە بژێوە بەتەواوی حەرام دەبێ (وەك گۆشتی بەراز و شەراب) وەیا هەڵئەنگاوتنی دەمی تیغ بایی یەك ئینچ لە شوێنی تایبەتی گەردەنی ئاژەڵ گۆشتەكەی لە ئیسلام حەرام دەكات، خۆ ئاین بەچكەی ئیلهام و غەیب و ئاسمانە كە دەكاتەوە دوژمنی بابەكوشتەی مادە و ئیلحاد.

ئێمە ئەگەر لەبەر خاتری فەلسەفان چاو لە ڕاستییان نەنووقێنین بەئاسانی، بەڵكو بەناچاری و حەتمی، دەزانین (ژێرخان)ی مێژوو و كۆمەڵایەتی بەهەموو سەروبەرێكی مادی و نامادییانەوە بریتییە لە (مرۆڤ) خۆی، بەخۆی و هەموو خاسیەتەكانییەوە كە لە غەریزەی گیانەوەرەوە دەگرێتەوە هەتا پاك سروشتی خۆبەختكەران و گیانی ورشە (فیض)ی ڕووناكبینان و ڕاستی پەرستیی زانایان. ئنجا ئەم مرۆڤە بەم خاسیەتە لە یەكدی نەكردووانەوە تێكەڵ بەكێشەی (پەلەی ژیان) دەبێ لەگەڵ بوونەوەردا، ئەویش بەسروشت و كۆمەڵایەتییەوە.. بەهێزەكانی هاندەر و پاشخەریەوە. بەدیمانە مەفهووم و چاو غەڵەتێنەكانییەوە.. خولاسە بەمادە و مەعنا و ئاشكرا و بزرەوە كە هەریەكەیان دەیان و سەدان هەزاران ڕێچكۆلەیان لێ دەبێتەوە و تێك دەكەنەوە وەیا تێك ناكەنەوە و پشت لە یەكدی دەكەن، كەسیش ناتوانێ، مەگەر نیدای لە عاسمانەوە بۆ هاتبێ، بزانێ ئاكامی ئەم مۆڵەتكردنەی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و كۆمەڵایەتی و لەگەڵ سروشتدا چ نەوعە لەنگەرێك دەبەستێ و چ جۆرە ژوورخانێك دەزێ و چۆن شەو و ڕۆژان بەسەر دەبات، چیی لێ دەكەوێتەوە، بەڵام لە شێوەی

ڕاستینەوە نییە و چەکێکە بۆ لەسەرخۆکردنەوە لە کاری دەهێنین. تۆ سەیری چۆن فارس زمان لە هەموو عێراقدا پێچرایەوە لەگەڵ پێچرانەوەی حوکم و دەسەڵاتی کەچی کوردەکە هەر چونکی پێوەندیی بەحوکمەوە نەبوو ئەوەندە فیۆدالەشی نەبوو لە ڕێی سوودێکی کە گۆیا لە ڕێژیمی فیۆدالی فارسەوە بۆی هاتبێ بتوانێ ڕوخساری کوردەواری بە بەرژەوەندی دەسەڵاتداری فارس ڕەنگ بکات، بەو پێیە فیۆدالە کوردەکە خۆیشی بێ تەئسیر و کەنەفت بوو، ئیتر هەموو ئەو شوێنانەی کورنشین بوون لە کوردستانی عێراقدا بۆ کورد مایەوە، تەنانەت بەشێکی ئەو بەتاڵاییەی کە کشانەوەی فارس بۆ دیوی ئێران لە دیوی عێراق بەجێی هێشت کوردی تێ ڕژا. ئەسەرێکی جیرانەتیی کورد و فارس بەر لە هاتنی ئیسلام بۆ عێراق تا ئێستاش لە گۆرانی ئەڵلاوەیسی و خورشیدی و تێك هەڵکێش و قەتار و خاوکەر دەنگ دەداتەوە کە لە هەمووواندا زەنگوڵەی ئاهەنگی فارسی هەیە. ئەو گۆرانییانە لەو شوێنانەی کوردستانی عێراقدا هەبووە کە وەختی خۆی جیرانی فارسەکان بوون. [ئەگەر شیکردنەوەیەکی دیکە هەبێ گۆرانییەکان بەخۆیان و زەنگوڵەیانەوە بۆ سەرچاوەیەکی دیکە ببادتەوە، من لێی بێ ئاگام بەهەمەحاڵ ئەم گۆرانییانە بەرەبەرە لێمان دەتۆرێن لەبەر کەمبوون وەیا سستبوون وەیا نەمانی دەنگی زەنگوڵەداری بەتەوژم و فرکەی وەك دەنگی خوا لێخۆشبووی حوسێن بەرزنجی. هەرچی دەنگی شادڕەوان عەلی مەردان بوو بەسەر ڕێبازی مەقامشناسییەوە نەك بەسەر تەلی کشت و چریکەداری ژێ دەنگەکانیەوە هاتوچۆی لە ئەڵلاوەیسیدا دەکرد. لە ساڵەکانی بەرەو کۆتاییی ١٩٥٠دا گوێم لە تۆمارکراوێکی سالح دیلان بوو، بێ مۆسیقا، بەدڵی خۆی و بۆ دڵی خۆی ئەڵلاوەیسییەکی گوتبوو لەوپەڕی هەستیاری و کشتیی عاتیفەوەیە سەرلەبەری سیحر و ئەفسوونی ئەو مەقامە نەمرە گیان هەژێنەی لە تاڤگەی زمانە پاراوەکەیە هەڵڕشتبوو .. بەرپرسەکانی ئاواز و ئاهەنگی کوردی ئەگەر بەدوا پاشماوەکانی دەنگی زرینگەداری ئەو ناوچانەدا نەگەڕێن و مەقامەکانیان پێ تۆمار نەکەن موژدەی مەرگی ڕەسەنترین و گەشترین و پێشکەوتووترینی ئاهەنگی کوردی بەهونەری (چڕین) دەدەن]. لە

